**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوكمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی، هەموار كراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نشتمانیی كوردستان – عێراق لەدانیشتنی ژمارە (4)ی رۆژی (2007/4/3) ی خۆیدا، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

# یاسای ژمارە ( 3 ) ساڵی2007

**ماددەی یەكەم:**

ڕاگرتنی كارپێكردن لەهەرێمی كوردستان ـ عێراق بەبڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەی ژمارە (1631 لە 1980/10/30) و (1133 لە 1982/9/2).

**ماددەی دووەم:**

دووبارە كار بەسزاكانی دەقنووس لەماددەكانی (440) و (441) و (442) و (443) لەیاسای سزاكانی ژمارە 111ی ساڵی1969ی هەمواركراو دەكرێ پێش ئەوەی ئەو دوو هەمواركراوە ئاماژە پێكراوەی كە لە ماددەی یەكەم لەم یاسایەدا هەبووە كاری پێكراوە.

**ماددەی سێیەم:**

حوكمەكانی ئەم یاسایە لەكێشەو داواكانی قۆناغی لێكۆڵینەوەو دادگایكردن یا ئەوەی بڕیاری بنبڕی بۆدەرچووە دەگرێتەوە یا هێشتا پلەی بنبڕی وەرنەگرتوە.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی جێبەجێ دەكرێ ولە رۆژنامەی فەرمی(وەقائعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**كوردستان ـ عیراق**

## هۆكاری دەرچواندنی

لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانەی كە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێكراوە لەبارودۆخی جەنگی شوومی عێـراق وئێـران دەرچوەو لەبەر ئەوەی هۆكارو دۆخەكە نەماوەو سزاكانیش لەگەڵ گەورەیی تاوانەكە لە بارودۆخی ئاسایی ناگونجێ بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندكردنی لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان – وە لەژمارە** (68) **ساڵی هەشتەم –ی رۆژی** 2007/7/5 **رۆژنامەی** ( **وەقایعی كوردستان** ) **بڵاوكراوەتەوە**.